www.kurdistannet.org
23-1-2006 19:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سەلا لەئەقلەت ... وەلامێک بۆ پۆلاسەعید ... جەمال فەتاح

لەوەلامی نووسینێکی ڕونکردنەوە ئامێزی ڕێزدار ئازا حەسیب قەرەداخیدا لەسەر بارودۆخی دادگایی کردنی کەمال سەید قادر پۆلاسەعید فوی کردووەتەوە خۆی وەک دەروێش ئەڵێت ئەوە ئازایی ئێمە بوو دادگایی کردنی کەمال قادر تەمیزکرایەوە وگوایە جەنابیان سەر بە پارتی وبنەماڵەی بارزانی کەچ دەکات، بەلام با پۆلا دڵنیا بێت کەمال قادر ئازاد نابێت بەڵکو لەوانەیە شتێک لە حوکمەکەی بۆکەم بکەنەوە ئەگەر دادگاکەی بۆتەمیز بکرێتەوە، وەکەمال بە دان پێدا نانی خۆی ئەڵێت من تووشی داوێکی مخابەراتی کرام واتە کەمال لە سیخورێکی نێو دەوڵەتی دەرچێت هیچیتر نیە ئەمەجگە لەو هەموجنێوپروپاگەندانەی کەدژی ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان وبنەماڵەی خەباتگێری بارزان وخەڵکیتر کردوویەتی، ئەمانەش بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان سزای خۆیان هەیە بۆیە پۆلا سەعید زۆر گەشبین نەبێت باشترە؟!.

دیارە من هەرگیز لەگەل ئەوەنەبووم کە ریزدار ئازا حەسیب قەرەداخی نوسینە رونکردنەوە ئامێزەکەی دەر بارەی کەمال سەید قادر ئاراستەی سایتی درۆکان بکات چونکە ئەوانە کۆمەڵێک خەڵکی دەرون نەخۆشی دۆڕاوی بێکەڵکن ووەک لەئاو کەوتوو دەست بۆپوش ئەبن تارزگاریان بکات، وەئەوە زیاتر لەدووساڵە شمشێری کولورزیوی خۆیان لە پارتی ورێبازی پیرۆزی بارزانی نەمر و سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵکێشاوەو بچوکترین درۆ ئەقۆزنەوە کە دژی پارتی وبارزانی بێت، وەئەمەش لەلای هەمووماں ڕوونە کە کلکیان لەکوێ؟گرێداوە لەگەل کێ؟گرێداوە لەکوردستان ولەدەرەوەی کوردستان؟!.

بەلام ئەبوو کاک ئازا بیزانیبا کەئەمانە کێن وچی مالێکن؟وهەڵگری چی ئایدیاو باوەڕێکن؟. وە بەخەیاڵی خاویان خەریکی چی گۆبەندێکن؟ وچی تاریکەشەوێک چینە ئەکەن؟وپەیڕەوی لەکێ و؟لەچی ئەکەن وئامانج ومەرامی گەلاوونەزۆکی ئەمانە بەچی ئاراستەیەک بەرەو هەڵدێرە؟!.

کاک ئازا ئەبێت بیزانیبا کە ئەوگەنگەو پوچانە ئەستێرەیان لەئاسمان بۆدابگریت پێیان وایە لێیان ئەترسیت یان تاوانیان بەرانبەر ئەکەیت، ئەوانە کەسانێکن بەخەیاڵی هیچیان ئەیانەوێت خەباتی دەیان ساڵەی کوردو شۆڕش وپێشمەرگایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ورێبازی بارزانی نەمر لەکە داربکەن، ئەو کورتە بالانە ئەیانوێت مێژوی خەباتی گەلەکەمان و سەرۆکی قارەمانی گەلەکەمان بارزانی نەمر لەکەدار بکەن، ئەیانوێت بلاکجیکتۆری خەباتی پارتی وبارزانی لەکوردستان خامۆشبکەن تاکو ڕوناکی چراموشی ئەو قەلەمونانەو ئاغاکانیان بەدەر کەیت، ئەمەش وەک ئەوە وایە قەل وبایەقوش بیانەوێت بەری خۆر لەزەوی بگرن.

بۆیە هیوادارم کاک ئازا جارێکیکە ڕوی نوسینە نەرمەکانی لەوزبڵدانەو لەوزبڵ نووسانە نەکات چونکە ئەوانە تاوانبارن شایانی دادگایی کردن وسزا دانن نەک وشەی ڕێزو ڕێزلێنان.

پۆلاسەعید ماوەیەکی زۆر لەبەر ترسەنۆکی کۆڵیدا لەنووسین بەڵام ئێستا نازانم چۆن ورەی بەرزەوە بووەو هاتووەتەوە ڕیزی تاوان باران ودوژمنانی ڕیبازی کوردایەتی؟!.

پۆلا لەوانەیە خۆی وابزانێت ئەو هەمو جنێوە سوکانەی کە ئاراستەی پارتی وبنەماڵەی شۆڕشگێڕی بارزانی ئەکات بەدەستی پاڵەوانانی شەڕی براکوژی ئەوە ئازادی ڕادەر بڕینە وئیتر هیچ پرسیارو لێپێچانەوەیەکی لەسەر نیە، بۆیە ئەبێت پێت بڵێم سەلا لەئەقڵت، کاکی مۆدێرنیزم جنێودان وسوکایەتی کردن بەمێژوی پڕلەقوربانی دەیان ساڵەی پارتی وبارزانی ئازادی ڕادەر بڕین نییە بەڵکو ئەوە دەبەنگی وبەشەوارە کەوتنە بەڵکو ئەوە تاوانەو تاوانیش سزای هەیە چەند تاوانەکەشت قورستر بێت سزاکەشت قورسترە ئەمەیە یاسای ژیان.

چونکە سەدەیک خەبات ڕووبارێک خوێن جۆگەیەک فرمێسک ودەریاچەیەک ئارەقەی نێوچاوان و دەریایەک ورەو چیایەک قارەمانیەتی گەلەکەمان وپێشمەرگە قارەمانەکانی بەڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان وڕیبازی بارزانی نەمرو بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی هەرگیز نەمر چۆن بە مشتێک سیخوڕی کورتە بالا لەکەدار ئەکرێت؟!.

لەکۆتاییدا منیش پێت ئەڵێم سیخوڕەکان نابنەقارەمان لەناو گەلی زیندوو خاوەن شۆشدا.

هەر وەک دەبەنگە کانیش کە بۆخەیاڵ ئەژین نابنە ڕۆشنبیر. .

جمال فتاح
2006/1/23
لەندەن